Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2021-2022
Vol. VII, No. 2, Series 12

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۲، پیاپی ۱۲

# زاری کوردیی ناوەندی و ناوە هەمەچەشنەکانی: چەند سەرنجێکی نوێ

سوداد ڕەسووڵ[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۲۸ اردیبهشت ۱٤۰۰؛ تاریخ پذیرش: ١٤ بهمن ١٤٠٠؛ صص. ۲٦۹-۲۸۸
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.240

## کورتە

زارە کوردییەکان بە ناوی جۆراوجۆری وەک کورمانجی، سۆرانی، کەڵهوڕی و هتد ناسراون، هەندێک شێوەزاریش بە ناوی عەشیرەت و ناوچە و شار ناسراون وەک جافی، سورچی، خۆشناوەتی، سلێمانی، هەولێری، گەرمیانی و تاد. دیالێکتی کوردیی ناوەندی وەک زارێکی سەرەکیی زمانی کوردی کە ئێستا زیاتر بە «سۆرانی» ناوبانگی هەیە، هەر لە سەرەتای گەشەکردنی وەک زمانێکی ئەدەبی لە میرنشینی باباندا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە هەتا ئێستا بە چەندین ناوی جیاواز ناسراوە. ئەم زارە کوردییە لە سەرەتادا لە نێو شیعری شاعیرانی میرنشینی باباندا هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بە «کوردی» ناوی هاتووە، بەڵام زاری دیکەی کوردی وەک کوردیی باکوور بە «کورمانجی»، کوردیی گۆرانیش بە « گۆران» و هەندێک جاریش بە «کوردی» ناوی هاتووە. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، زاری کوردیی ناوەندی ناوێکی نوێی بۆ پەیدا دەبێت و بە «بابانی» دەناسرێت، دواتریش بە کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ناوەڕاست دەناسرێت. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش ناوێکی نوێی بۆ پەیدا دەبێت و بە «سۆرانی» دەناسرێت. ئەم ناوەی دوایی ئێستا باوترین ناوە بۆ ئەم زارە کوردییە. لەم توێژینەوەیەدا ڕەگ-وریشەی پەیدابوونی ئەم ناوانە و چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی شی کراوەتەوە. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە ناوی سۆرانی ناوێکی گونجاو نییە بۆ ئەم زارە، چونکە ئەم ناوە هیچ پێشینەیەکی مێژوویی نییە و لە کۆندا ناوی میرنشینێک بووە و ئێستاش ناوێکی ناوچەییە بۆ بنزارێکی ناوچەیی کوردیی ناوەندی، بۆیە ئەم ناوە لەگەڵ قەوارەی ئاخێوەرانی ئەم زارە ناگونجێت کە لە دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان. لە ڕووی جوگرافییەوەش، ئەم زارە لە ناوەڕاستی کوردستان و لە نێوان هەردوو زاری سەرەکیی کوردی، کوردیی باکوور و کوردیی خواروو، هەڵکەوتووە، بۆیە ڕاستترین و زانستیترین ناو بۆ ئەم زارە، کوردیی ناوەندییە.

**وشەگەلی سەرەکی:** کوردی؛ کورمانجی؛ سۆرانی؛ زمانی ئەدەبی؛ کوردیی ناوەندی؛ میرنشینی بابان.

## چکیده

گویشهای کردی با نامهای متفاوتی نظیر کورمانجی، سورانی، کلهوری و غیره شناخته میشوند که برخی با نام عشیره و منطقه و شهر گویش‌وران شناخته می شوند از قبیل جافی، سورچی، خوشناوی، سلیمانیه ای، اربیلی، گرمیانی و غیره. گویش کردی میانی به عنوان گویش اصلی زبان کردی تا امروزه بیشتر به «سورانی» ذکر میشد، از اوایل تطورش به عنوان یک زبان ادبی در امارت بابان در اواخر قرن هجده تا امروز به چندین اسم مختلف ذکر شده است. این گویش کردی در آغاز در شعر شاعران امارت بابان تا اوایل قرن بیستم به «کوردی» ذکر می‌شد، اما سایر گویش های کردی مثل کردی شمالی به «کورمانجی»، کردی گورانی هم به «گوران» و گاه‌گاهی هم به «کوردی» ذکر شده است. در دهه بیست قرن بیستم، گویش کردی میانی اسم تازه‌ای برایش پیدا می‌شود و به «بابانی» شناخته می‌شود، بعدها هم به کرمانجی جنوب و کرمانجی میانی ذکر می‌شود. در نیمه دوم قرن بیستم هم اسم تازه‌ای برایش پیدا می‌شود و به «سورانی» ذکر می‌شود. این اسم پایانی حاضر، برای این گویش کردی رایج ترین اسم است. در این پژوهش پایه و اساس پیدایش این اسم ها و چگونگی گسترش آنها شرح شده است. این موضوع هم که اسم «سورانی» درخور/ مناسب این گویش نیست شرح شده است، چون این اسم هیچ پیشینه تاریخی ندارد و پیشتر هم اسم یک امارت بوده است و در عصر حاضر هم اسمی منطقه‌ای است برای یک لهجه ناحیه‌ای کردی میانی، به همین خاطر این اسم با اندازه گویشوران این گویش همخوانی ندارد که در دو بخش جنوب و شرق کردستان و در میان هردو گویش اصلی کردی: کردی شمالی و کردی جنوبی وجود دارد. به همین خاطر کامل ترین و علمی ترین اسم برای این گویش، کردی میانی است.

**واژگان کلیدی:** کردی؛ کورمانجی، سورانی، زبان ادبی، کردی میانی؛ امارت بابان.

١. خوێندکاری دکتۆرا لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی ساینس، پینانگ، مالیزیا. sudad.rasool67@gmail.com

## ١- پێشەکی

زاری کوردیی ناوەندی کە زیاتر لە نێو خەڵک بە سۆرانی ناسراوە، لە ماوەی گەشەکردنیدا وەک زمانێکی ئەدەبی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بە گەلێک ناوی جیاواز و هەمەچەشن ناوی هاتووە، وەک: کوردی، بابانی، کرمانجیی شەرقی، کرمانجیی خواروو، سۆرانی، کرمانجیی ناوەڕاست، کوردیی ناوەندی و تاد. ئێستا ڕێککەوتنێک لە نێو زمانەوانەکان و نووسەران بۆ ناوی ئەم زارە پێوەرە کوردییە نییە. ئەمڕۆ باوترین و بەربڵاوترین ناوێک بۆ ئەم زارە، ناوی «سۆرانی»یە، کە لە نێو خەڵک و لە میدیا و ڕاگەیاندنەکاندا زیاتر ئەم ناوە بەکار دێت. ئەم ناوە لە ڕابردوودا ناوی میرنشینێک بووە و لە دوای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیش بووە بە ناو بۆ شارۆچکەیەک بە تەنیشت شارەدێی دیانا لە نزیک ڕەواندز لە باشووری کوردستان. ناوهێنانی ئەم زارە کوردییە بە سۆرانی، ناوێکی نوێیە و مێژوویەکی کۆنی نییە، هەروەها بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ قەوارەی ئاخێوەرانی زارەکە کە لە ناوچەیەکی بەرفراوان لە ناوەڕاستی کوردستاندا قسەی پێ دەکرێ، ناوێکی گونجاو و شیاو نییە، یان بەکارهێنانی ناوی کرمانجی بۆ ئەم زارە، ئەویش ناوێکی تازەیە و گونجاو نییە، ڕیشەیەکی مێژوویی نییە. ئەمانە و چەندین ناوی دی کە بۆ ئەم زارە پەیدا بوون، زۆر گرنگە مێژووی پەیدابوون و چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی ئەم ناوانە ڕوون بکرێنەوە.

زارە کوردییەکان لە زۆر ڕووەوە توێژینەوەیان لە سەر کراوە و پۆلێنکردنی جیاوازیش بۆ زارەکان کراون، بەڵام سەبارەت بە ناوە هەمەچەشنەکانی زاری کوردیی ناوەندی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی لەبارەوە نەنووسراوە، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم ناوە جۆراوجۆرانە شایەنی ئەوەن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و چۆنیەتی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەیان ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕاستترین و زانستیترین ناو بۆ ئەم زارە بەکار بێنین و دوور کەوینەوە لە ناوی ناوچەیی و عەشیرەت، یان ناوێک کە گونجاو نییە بۆ قەوارەی زارەکە و ناسنامەی تەواوی ئاخێوەرانی زارەکەش نیشان نادات، یان هەندێک ناو ئاخێوەرانی پێیان خۆش نییە بەو ناوە بناسرێن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ یەکەمجار ئاوڕێک لەم بابەتە بداتەوە و بە بەڵگەی زانستی، بنچوبناوانی ئەم ناوانە و قۆناغەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەیان ڕوون بکاتەوە. لە کۆتاییشدا ڕاستترین و زانستیترین ناو بۆ ئەم زارە ستاندارده دەستنیشان دەکات.

## ٢- چوارچێوەیەکی تیۆری

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێ بە بەکارهێنانی هەر دوو میتۆدی وەسفی و مێژوویی باسەکە شی بکرێتەوە و لە کۆتاییش ئەنجامێکی زانستی بە دەست بێت. قۆناغەکانی مێژووی دابەشکردنی زارە کوردییەکان خراونەتە ڕوو؛ لە هەر سەردەمێک زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی چۆن ناویان هاتووە لە دوای یەک نیشان دراون؛ لە کۆنترین مێژووی دابەشکردنی زارەکان هەتا ئەمڕۆ. بۆ سەلماندنی ناوی زارەکانیش ئاماژە بە دەقی شیعری شاعیران دراوە کە چۆن ناوی ئەم زارە کوردییە و زارەکانی دیکەیان هێناوە و شیعریان پێ نووسیوە.

## ٣- پێشینەی مێژوویی گەشەکردنی زاری کوردیی ناوەندی

زاری کوردیی ناوەندی وەک دووەمین و گەورەترین زاری کوردی، ئاخێوەرانی لە ناوچەیەکی بەرفراوان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن. ئەم زارە کوردییە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بەخێرایی و بێ پچڕان بەردەوام لە گەشەکردندا بووە. میرنشینی بابان زەمینەیەکی لەبار دێنێتە پێش بۆ گەشەکردنی ئەم زارە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم میرنشینە پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی دەگوێزێتەوە، سلێمانی دەبێت بە مەڵبەندێکی گرنگی سیاسی و ئیداری بۆ ئەم میرنشینە. لەگەڵ گەورەبوونەوەی شاری سلێمانی و گەشەکردنی ئابووریی شار، هاوکات لەگەڵیشی پێویستیی زمان دەگۆڕێت؛ بۆیە چیدی ئەم زارە لە چوارچێوەی ئەم میرنشینە بە زمانی زارەکی نامێنێتەوە و بەرەو زمانێکی ئەدەبی هەنگاو دەنێت: بەتایبەت لە سەردەمی

ئەوڕەحمان پاشای بابان، لە ماوەی نێوان «۱۷۸۹-۱۸۱۳» میرنشینی بابان و شاری سلێمانی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت. ناوبراو درکی بەوەش کردبوو کە دروستکردنی میرنشینێکی بەهێز لەو هەرێمە پێویستی بە زمانێکی ئەدەبی و ڕەسمی هەیە بە زمانی خەڵکەکە، کە بە زاری کوردیی ناوەندی قسە دەکەن؛ بۆیە زەمینەسازی دەکات بۆ ئەوەی زارە کوردییەکەی شارەکە بکرێ بە زمانی ئەدەبی و واز لە لەهجەی گۆران بێنن، کە ئەوسا زمانی ئەدەبیی میرنشینی ئەردەڵان و بابانیش بووە، هەر بۆیە لەم سەردەمە بوو، کوردیی ناوەندی وەک زمانێکی ئەدەبی چەکەرەی کرد (اسکندر، ۲۰۰۸: ۱۴۳-۱۴۴).

قوتابخانەی شیعریی بابان لە لایەن هەر سێ شاعیری ناوداری ئەم میرنشینە «نالی، سالم، کوردی»، بنچینەی پێشکەوتنی ئەم زمانە ئەدەبییەیان داڕشت. ئەم زمانە ئەدەبییە دوای ڕووخانی میرنشینەکەش لە ساڵی ۱۸۵۱دا لە گەشەکردن نەوەستا و بە پێچەوانەی زمانە ئەدەبییەکانی دیکەی کوردی بە زاری کوردیی گۆران لە میرنشینی ئەردەڵان و بە زاری کوردیی باکوور لە میرنشینی بۆتاندا، کە دوای نەمانی هەر دوو میرنشینەک، هەر دوو زمانی ئەدەبیش بەرەو کزی چوون؛ بەڵام زاری کوردیی ناوەندی لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان بەرەو کزی نەچوو، بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشەکردندا بوو. دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی عێراق لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە، بۆ یەکەمجار ئینگلیز بە مەبەستی پروپاگەندە بۆ خۆیان و دژایەتی عوسمانییەکان، لە ساڵی ۱۹۲۰ چاپخانەیەک دێنن بۆ سلێمانی و لە لایەن مەیجەر سۆن کە ئەوسا حاکمی شارەکە بوو ڕۆژنامەی *پێشکەوتن* بڵاو دەکەنەوە (ئەحمەد، ۱۹۸۵: ۱۵۴). هاتنی ئامێری چاپ بۆ ئەم شارە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ گەشەکردنی زارەکە و بەپێوەرکردنی.

لە ماوەی حوکمڕانیی شێخ مەحموود و حکومەتی جنوبی کوردستان «۱۹۱۸-۱۹۲۴» لە سلێمانی، ئەم زارە کوردییە دەبێت بە زمانی ڕەسمی بۆ کاروباری ئەم حکومەتە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەش هەر بەو زارە دەردەچن (خواجە، ۲۰۱۳: ۵۳؛ هاوار، ۲۰۱۳: ۳۰۱-۳۲۳). لە سەروبەندی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە لە دوای پەیمانی لۆزان لە ساڵی ۱۹۲۳، تورکیا دەیویست ئەم ویلایەتە بچێتەوە سەر تورکیا، بەریتانیاش بۆ ئەوەی کوردەکان ڕازی بکات کە نەچنەوە سەر تورکیا، لە لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە مەرجی ئەوەی بۆ عێراق دانا کە دەبێ ماڤی زمان بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دی لەم ویلایەتە دابین بکات (McDowall, 2004: 159-160)؛ بۆیە دوای ئەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ئەم بەشەی کوردستان دێتە پێش و ئەم زارە کوردییە جارێکی دی هەلی پێشکەوتنی بۆ دەڕەخسێت کە بکرێت بە زارێکی پێوەر و وەک زمانی ڕەسمیی خوێندن کاری پێ بکرێت. هەر لە سەر ئەم بنەڕەتە لە ساڵی ۱۹۳۱ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە قانوونی زمانە ناوچەییەکان (قانون اللغات المحلیة) دەردەچێت و بە ڕەسمی ڕێگە دەدرێت زمانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی کتێبی پرۆگرامی خوێندنی بۆ تەرجەمە بکرێت. لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم بۆ چەند بابەتێک وەک بیرکاری، جوگرافیا، مێژوو، دەرسی ئەشیا، خوێندنەوە و تاد، تەرجەمەی کوردی کراون و لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان لە قۆناغی سەرەتایی بۆ چەند ساڵێک لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی خوێندراون. لەم قانوونە، حکومەتی عێراق ڕێگەی داوە کورد لە ناوچەی بادینان کە ئەوسا چەند قەزایەک بوو سەر بە پارێزگای مووسڵ بوو، بە زارەکەی خۆیان بخوێنن (ئەمین زەکی بەگ، ۲۰۰۵: ٤٤)، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە ناوچەکە هیچ هەوڵێک نادرێت و پێی ناخوێندرێت و بە عەرەبی دەخوێنن. لە ماوەی حوکمڕانی مەلەکی لە عێراقدا، زمانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی لە بواری ڕۆژنامەگەری هەنگاوێکی گەورەی هەڵێناوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاو بوونەوە، وەک *ژیانەوە*، *ژیان*، *ژین*، *زاری کرمانجی*، *ڕوناکی*، *گەلاوێژ* و *هەتاو*، بەتایبەت گۆڤاری *گەلاوێژ* بۆ ماوەی دە ساڵ لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۳۹ تا ۱۹٤۹ ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی زمانی کوردی لە باشوور هەبووە.

ئەم زارە کوردییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سەروبەندی شەری دووەمی جیهانیدا، لە ماوەی حوکمڕانی کۆماری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥- ١٩٤٦ نزیک بە ساڵێک لە شاری مەهاباد و چەند شارێکی دیکەی دەوروبەری، زمانی خوێندن بووە؛ هەروەها زمانی ڕەسمیی کاروباری حکومەتەکەش بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لەم ماوە کورتەدا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی جیاواز بە کوردیی ناوەندی دەردەچن، وەک ڕۆژنامەی *کوردستان*، گۆڤاری *کوردستان*، *هاواری نیشتمان*، *هەڵاڵە*، *گڕوگاڵی منداڵانی کورد* (ئەمین، ١٩٩٣: ١٤٣-١٥٣). لە دەوڵەتی نوێی عێراقدا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی حوکمی دەکرد. ئەم دەوڵەتە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەرگیز پێی خۆش نەبووە زمانی کوردی لە عێراق پێش بکەوێت؛ چونکە پێی وابووە ئەم بەشە لە کوردستان کە خراوەتە سەر عێراق، خاکەکەی بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی و گەلەکەشی وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەبی سەیر دەکرا؛ بۆیە حوکمڕانی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی لە عێراقی سەردەمی مەلەکی و کۆماریدا، هەمیشە لە هەوڵدا بوون پێشکەوتنی زمانی کوردی سنووردار بکەن، یان زمانەکە پەراوێز بخەن، و لەجیاتی، قوتابی کورد بە عەرەبی بخوێنن.

لە دوای کودتای ١٤ تەمموزی ١٩٥٨، سەردەمی کۆماری لە عێراقدا دەست پێ دەکات. ئەم گۆڕانە سیاسییە لە عێراقدا، کەشێکی ئازاد و لەبار دەڕەخسێنێ بۆ زیاتر گەشەکردنی زارەکە و بەڕەسمیکردنی، بە تایبەت لە ماوەی سێ ساڵی بەرایی، لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە *هیوا* و *ڕۆژی کورد* و *بڵێسە*، زاراوەسازی بوارەکانی زانستی دەکرێت و زمانی زانستی بە کوردی گەشە دەکات. لە ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار لە لایەن وەزارەتی مەعاریفەوە بەڕێوەبەرایەتییەکی خوێندنی کوردی بۆ ڕێکخستن و چاودێریکردنی خوێندنی کوردی لە کوردستاندا دادەمەزرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ دوو جار کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی خوێندن لە کوردستان و دانانی پلانی پێشخستنی زمانەکە بۆ پەروەردە دەبەسترێت. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار دەدرێت کوردیی ناوەندی بکرێت بە بنچینە بۆ زمانی کوردی لە باشوور و موتوربە بکرێت بە زارەکانی دی. ئەم کەشە ئازادە لە عێراق زۆر ناخەیەنێت و دوای ئەوەی پەیوەندیی حکومەتی قاسم و کورد بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دەڕوات و لە ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول هەڵدەگیرسێت، دواتریش هاتنی بەعسییەکان لە ١٩٦٣ بۆ حوکمڕانی عێراق کە ناسیۆنالیستی عەرەبی دژ بە کورد بوون، لەم ماوەیەدا هەتا کۆتایی شەستەکان پێشکەوتنی زمانەکە سست و لاواز دەبێت، هەتا ڕێککەوتنی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ کە تێیدا دان بە مافی ئۆتۆنۆمی دەنێت بۆ باشووری کوردستان. ئەم بەیاننامەیە، هەنگاوێکی مێژوویی بوو بۆ بەڕەسمیکردنی زمانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی و چەسپاندنی بۆ خوێندن لە سەرانسەری قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا. هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕش لەم شەڕە، جارێکی دی پێشکەوتنی زمانی کوردی سست کردەوە، تەعریبیش بەهێز بوو، بە ڕادەیەک لە کۆتایی هەشتاکان حکومەتی عێراق پلانی ئەوەی هەبوو سیستەمی پەروەردە لە هەموو باشووری کورستان بکاتەوە بە عەرەبی و چیدی بە کوردی نەخوێندرێت. لە بەهاری ١٩٩١ ڕاپەرین لە دژی ڕژێمی بەعس دەست پێ دەکات کە بوو بە هۆی ڕزگاربوونی باشووری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم. جارێکی دی لە باشووری کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی زارەکە دەڕەخسێت. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ئەم زارە کوردییە لە ڕووی بەپێوەرکردن و فراوانبوونی ئەرکەکانی و بەکارهێنانی لە بوارە هەمەچەشنەکانی زانستدا هەنگاوی گەورەی هەڵێناوە، سەرەڕای گەشەکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەری و تەرجەمە و چاپەمەنیشدا.

دوا وێستگەی گرنگی ڕەسمیبوونی زمانی کوردیی ناوەندی، لە دوای ڕووخانی یەکجاری ڕژێمی پێشووی عێراق و هاتنی حکومەتی نوێی عێراقدا بوو. ئەم حکومەتە نوێیە لە دەستووری نوێی عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە، لە ماددەی چواردا، زمانی کوردی وەک زمانێکی هاوشانی زمانی عەرەبی لە عێراقدا دەناسێنێت و لە ڕووی قانوونییەوە ماڤی تەواوی بەکارهێنانی لە هەموو بوارێک لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ دەستەبەر دەکرێت؛ بەم پێیە عێراق لە وڵاتێکی خاوەن یەک زمانی

باڵادەستی ڕەسمییەوە، بوو بە وڵاتێکی دوو زمانە (Bilingual). ئەم ماڤە دەستوورییە جارێکی دی ئاستی زمانەکە بە ڕادەیەک بەرز دەکاتەوە کە لە ڕووی ڕەسمیبوون و پلەوپایە و بەکارهێنانەوە بوو بە هاوشانی زمانی عەرەبی. بۆ یەکەمجار زمانی کوردی لەسەر پارەی عێراقی، پاسپۆرت و کارتی نیشتمانیی عێراقی بە کوردیی ناوەندی دەنووسرێت. ئەمانە هەنگاوگەلێک بوون کە لە ڕووی ئیداری و سیاسی و پەروەردە و ئەکادیمییەوە، ئاستی ئەم زارە کوردییە بە ڕادەیەک پێش دەخات کە ئێستا وەک زمانێکی باڵادەستی کوردی خۆی دەنوێنێت؛ بە شێوەیەک کە چیدی تەنیا زمان نییە بۆ باشووری کوردستان، بەڵکوو وەک زمانێکی هاوبەشی کوردی تیشک و ڕووناکی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەخش دەکات. هەرچەندە ئەم زارە کوردییە بە بەراورد لەگەڵ زارە سەرەکییەکانی دیکەی کوردی وەک کوردیی باکوور و گۆران، درەنگتر وەک زمانێکی ئەدەبی کاری پێ کراوە، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوورییەی بۆی ڕەخساوە، پێشەنگی هەموو زارەکانی دیکەی کوردییە.

## ٤- ناوی زارە کوردییەکان لە دابەشکردنە کۆنەکاندا

لەم بەشە هەوڵ دەدەین بزانین ناوی زارە کوردییەکان لەو دابەشکردنانەی لە کۆندا بۆ زارەکان کراون، چۆن ناویان هاتووە، بەتایبەت ناوی زاری کوردیی ناوەندی کە ئێستا زیاتر بە سۆرانی ناوی دەبرێ، لەم دابەشکردنانە بە چ ناوێک بووە. بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆنترین دابەشکردن بۆ زارەکان دەست پێ دەکەین کە دابەشکردنەکەی شەرەفخانی بدلیسییە و لە کتێبە مێژووییەکەی *شەرەفنامە*دا هاتووە. شەرەفخان دەڵێت: «کوردەکان کە زمان و دابونەریتیان لەگەڵ یەک جیاوازە لە چوار بەش پێک دێن: **کورمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران**» (بدلیسی،١٣٤٣: ٢٣). ئەم دابەشکردنە بۆ زارەکان دابەشکردنێکی نازمانەوانییە، تەنیا پێکهاتە سەرەکییەکانی کورد لەو سەردەمە دەستنیشان دەکات کە هەر یەکێک لەمانە زارێکی جیاوازیشی هەبووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دابەشکردنە، ناوی ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندییە کە ئەمڕۆ کوردی سۆرانییان پێ دەگوترێ، نە وەک پێکهاتەیەکی کورد و نە وەک زارێکی کوردی ناوی نەهاتووە. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، لەو سەردەمە ئاخێوەرانی ئەم زارە کوردییەش هەر بە کورمانج ناسراو بوون. لەبارەی دەرکەوتنی ناوی کورمانج لە مێژوودا بۆ ناوی کورد، بیروڕای جیاواز هەیە. دیار نییە ئەم ناوە کەی بۆ کورد بەکار هاتووە، بەڵام وەک دیارە ئەم ناوە زیاتر ناوێکی ناوچەیی و خۆجێیی بووە و ناوێکی گشتگیر نەبووە بۆ ناوی هەموو نەتەوەی کورد؛ زیاتر ناوێک بووە بۆ کوردی باکووری کوردستان کە بە خۆیان دەڵێن کورمانج و بە زارەکەشیان دەڵێن کورمانجی. لەم باسە ناچینە سەر ڕیشەی پەیدابوونی ئەم ناوە و باسکردنی بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی چەمکی کورمانج؛ چونکە ئەو بابەتە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدایە. ئەوەی لێرە پێویستە لە سەری وردبینەوە ناوی کورمانجە بۆ کوردی نیشتەجێیی ناوەڕاستی کوردستان کە بە زارێکی سەرەکیی کوردی قسە دەکەن و جیاوازە لەگەڵ زاری کوردیی باکوور؛ بزانین ناوی کورمانج ئەوانیشی گرتووەتەوە؟

بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی ئاماژە بەوە دراوە کە کوردی ناوەڕاستی کوردستانیش هەتا سەدەی نۆزدەم هەر بە کورمانج، یان کورماج ناویان هاتووە. چەند توێژینەوەیەک سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ناوی کورمانج کراوە. ئێمە لەم باسە تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین کە نیشان دەدەن ناوی کورمانج لای ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندیش هەبووە و لە لایەن بنەماڵەی بابان و کوردانی موکریانیش هەمان ناو باو بووە، بۆ نموونە مەحموود پاشای بابان لای جێمس ڕیچ ڕایگەیاندووە کە عەشیرەتی بنەماڵەکەی لە بنەچەدا کرمانجە، بەبە، یان بابان تەنیا ناسناوی بنەماڵەکەیەتی (تۆفیق، ٢٠٢١: ٢٥٦). لە سەرچاوەیەکی دی بە شێوەیەکی ڕوونتر باسی ناوی کورماج بۆ کوردی ناوەڕاستی کوردستان دەکات. لە فەرهەنگی *بدائع اللغة* کە لە لایەن عەلی ئەکبەر وەقایعنگاری کوردستانی لەساڵی ١٢٨٧ کۆچی، بەرامبەر بە١٨٧٠م، نووسراوە، لە پێشەکییەکەی لەبارەی بنەچەی کوردەوە ئاماژە بە هەشت تایفە دەدات کە لە کوردن، ئەمانەن: گۆران،

لوڕ، ئەردەڵان، کورماج، لولو، مافی و نانەکەلی، لەک، زەند. دواتر باسی هەر کام لەم تایفانە بە جودا دەکات و لە باسی کورماجدا دەڵێت: کورماج تایەفەیەکن ئازا و دلێر لە تایفە ناودارەکانی کوردن و شوێنی نیشتەجێبوونیان کەرکووک و سلێمانی و ڕەواندز و کۆیە و هەریر و بانە و ساوجبلاغ و موکری و ناوچەکانی دیکەیە. دواتر دەڵێت: زمانیان لەگەڵ خەڵکی سنە جیاوازییەکی زۆری هەیە (کردستانی، ١٣٨٨: ٢٣-٣٠). بەپێی ئەم دەستنیشانکردنەی نووسەر سەرجەم ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی کورماجن، بێجگە لە کوردی سنە و ئەردەڵان کە خۆی خەڵکی سنەیە، ئەوان بە تایفەیەکی دیکەی کورد ناو دەبات کە ئەردەڵانین و زمانشیان جیاوازە. ئەم دەستنیشانکردنە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش کوردانی ئاخێوەری زاری کوردیی ناوەندی بە کورماج ناسراو بوون کە هەمان کورمانجە و پیتی «ن»ـەکەی سواوە. ئەم ناوە کورمانج، کورماج، کرمانج وەک دیارە لای کوردانی ئەم هەرێمە وردە وردە لە سەر زاران کاڵ بووەتەوە و نەماوە و لە جێگەی ناوی کورماج، ناوی کورد بە کار هاتووە؛ بەڵام ناوی کرمانج بۆ پلەی چینایەتی کۆمەڵگە هەر بەردەوام بووە و هەتا ئێستاش هەر ماوە، بۆ نموونە وشەی کرمانج لە شاری هەولێر بۆ ئەوانە بە کار دێنن کە خەڵکی گوندن و دەشتەکین، واتە خەڵکی شاری هەولێر نین؛ خەڵکی شار بە خۆیان گوتووە شارستانی و بە خەڵکی گوندیش گوتراوە کرمانج. لە شوێنی دیکەش لە باشووری کوردستان ناوی کرمانج بە مانای جیاواز هەبووە، بەڵام زیاتر بۆ چینایەتی بووە. ئەم جۆرە ناوهێنانە بۆ کرمانج لە لادێکانی موکریانش بۆ هەمان مەبەستی پلەبەندیی چینایەتی هەبووە (تۆفیق، ٢٠٢١: ٢٥٩). بەڵام بۆ ناوی زارەکە بە کورمانجی، تا ئێستا هیچ دەقێک لەبەر دەستدا نییە کە ئاماژەی بە زارەکە کردبێت بە ناوی کورمانجی، یان کورماجی، بەڵام دەقی شیعری هەیە کە ئاماژە بە ناوی زارەکە بە ناوی کوردی دەدات کە دواتر باسی دەکەین.

بێجگە لەم دابەشکردنە کۆنەی شەرەفخان بۆ زارە کوردییەکان، دابەشکردنێکی دیکەی کۆن هەیە کە لە لایەن قەشەی ئیتاڵی ماوریزۆ گارزۆنی، بۆ زارەکان کراوە. ناوبراو لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا بۆ کاری مسیۆنێری هاتووەتە کوردستان و بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئامێدی نیشتەجێ بووە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی لەگەڵ فەرهەنگێکی ئیتالی- کوردی نووسیوە. گارزۆنی لە کتێبەکەیدا کە بە ئیتاڵیایی لە ڕۆما چاپ کراوە، زارە کوردییەکانی بۆ پێنج زار دابەش کردووە: **قەڵاچواڵان، ئامێدی، جۆڵەمێرگ، جەزیرە، بتلیس** (غالیتی، ١٩٨٠: ٢٧٦). ئەم دابەشکردنەش، دابەشکردنێکی نازمانەوانییە و تەنیا ئاماژەی بە ناوی میرنشینەکان و ناوی ناوچە و شار کردووە؛ هەر بۆیە کاتێک ئاماژەی بە ناوی قەڵاچواڵان داوە وەک زارێکی کوردی، مەبەستی میرنشینی بابان بووە کە ئەوسا پایتەختی لە قەڵاچواڵان بووە و هێشتا شاری سلێمانی دروست نەکراوە و زاری کوردیی ناوەندیش وەک زارێکی ئەدەبی گەشەی نەکردووە. بەم پێیە ڕوون دەبێتەوە ئەم پێکهاتەی کورد کە ئەمڕۆ بە زارێکی سەرەکیی کوردی دەدوێن و بە سۆران ناویان دەبرێ، لە کۆندا لەگەڵ کوردی باکوور بە کورمانج، یان کورماج ناویان هاتووە؛ بەڵام دواتر ئەم ناوە لای کوردانی ئەم هەرێمە بەکارهێنانی کەم بووەتەوە و ناوی کورد جێگەی گرتووەتەوە. ئەمڕۆ ناوی کورمانج یان کرمانج وەک ناوی نەتەوە و زمان تەنیا لای ئەو کوردانە ماوەتەوە کە بە کوردیی باکوور دەدوێن، لە ناوەڕاستی کوردستانیش کرمانج هێشتا ماوە بۆ پلەوپایەی جیاوازیی چینایەتیی نێوان شار و گوند بە کار دێت و چەمکێک نییە بۆ ناوی نەتەوە یان زارێکی کوردی.

## ٥- ناوی زارە کوردییەکان لای شاعیرانی کورد

بۆ ئەوەی بزانین زارە کوردییەکان لە دەقی شیعری شاعیران چۆن ناویان هاتووە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو شاعیرانە کە شیعریان بە هەر سێ زارە کوردییەکە نووسیوە: کوردیی ناوەندی، کوردیی باکوور، کوردیی گۆران. لە هەر یەک لەم زارانە چەند دەقێکی شیعری دێنینەوە. پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی شیعری بابان، کۆنترین دەقێک بە زاری کوردیی ناوەندی هەبێت، چەند دەقێکی ئایینییە بە زمانێکی سادە نووسراوە. مەلا محەمەدی هەزارمێردی ناسراو بە «أبنالحاج» (١٧٠٧-١٧٨٤) نامیلکەیەکی هەیە بە ناوی *مەهدی‌نامە*، کە کۆمەڵە شیعرێکی دوو بەیتییە بە کوردیی ناوەندی هۆنراوەتەوە. لە یەکێک لە دێرەکانی ئاماژە بە ناوی ئەو زارە دەدات کە ئەم بەیتانەی پێ نووسیوە و بە لەفزی کوردی ناوی دەبات:

نەظم کرد بە قەولی صەحیح | بە لەفظی کوردی نافەصیح
بۆ مونصیفان «لا للشحیح» | بۆ ئینتفاعی عاممەتێ

(ابن‌الحاج، ۱۹۷۵: ۷۰)

لە لوغەتنامەی *ئەحمەدی*دا کە فەرنگۆکێکی عەرەبی-کوردییە و بە شیعر لە لایەن شیخ مارفی نۆدێ لە ۱۷۹۵ دانراوە، ناوی ئەو زارە کە فەرهەنگی بۆ داناوە، ئەویش هەر بە کوردی ناوی دەبات و دەڵێت:

«رماد»: چییە؟ خۆڵەمێشە | «رمد»: بە کوردی چاوێشە

(نۆدێ، ۱۳۷۹: ٤٦)

لە نێو شاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابانیش وەک نالی (۱۸۰۰-۱۸۷۷)، سالم (۱۸۰۰-۱۸٦٦)، ، کوردی (۱۸۰۹-۱۸۵۰)، هەروەها شاعیرانی دواتریش وەک مەحوی (۱۸۳٦-۱۹۰٦)، حاجی قادری کۆیی (۱۸۱٦-۱۸۹۷)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (۱۸۳۱-۱۹۱۰)، ... بە هەمان شێوە، ناوی ئەم زارەی کوردیی ناوەندی بە کوردی هاتووە. نالی لە چەند شیعرێکدا بە ڕوونی ئاماژە بە زارە کوردییەکەی دەدات و بە «کوردی» ناوی دەبات و دەڵێت:

طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا | ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی، لە عەمدا وا دەکا

(نالی، ۱۹۷٦: ۱۰٦)

سالم دەڵێت:

زیرە سەرمایەیە بۆ "سالم" و کرمانی دەبا | شیعری کوردی کە بدا جیلوە لە لای شێخی کەبیر

(سالم، ۲۰۱۵: ۳۵۹)

مەحوی دەڵێت:

کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بە کول | بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

(مەحوی، ۱۳۸۷: ٤۳)

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە | هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ

(تاڵەبانی، ۲۰۱۰: ١٦٤)

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی | تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

(کۆیی،۱۳۹۰: ۱۵۱)

لەم دەقە شیعرییانە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات، ڕوون دەبێتەوە ئەم زارە کوردییە لای هەموو شاعیرانی میرنشینی بابان و شاعیرانی دی کە بەو زارەیان نووسیوە ناوەکەی «کوردی» بووە، هیچ ناوێکی ناوچەیی و عەشیرەتی نەبووە. ئێستا بزانین لە هەر دوو زاری دیکەی کوردی: کوردیی باکوور کە بە کورمانجی ناسراوە، لەگەڵ کوردیی گۆران، لە شیعری شاعیراندا چۆن ناوی ئەو زارەیان بردووە کە شیعریان پێ نووسیوە، بەتایبەت کە هەر دوو زارەکە لە ڕووی پاشخانی مێژووییەوە لە پێش زاری کوردیی ناوەندی خاوەن پێشینەی ئەدەبین. *مەم و زین*ی ئەحمەدی خانی (۱٦۵۰-۱۷۰۷) گرنگترین سەرچاوەیە بۆ ناوهێنانی ناوی کورد و ناوی ئەو زارە کوردییەش کە داستانەکەی پێ نووسراوە. خانی لە داستانەکەی بۆ ناوی کورد، هەر دوو ناوی کورمانج و کوردی بەکارهێناوە، ناوی کوردی بە ئەکراد هێناوە کە کۆی ناوی کوردە بە عەرەبی، بۆ زمانی داستانەکەشی ناوی زارە کوردییەکەی بە کورمانجی بردووە. لەم چەند بەیتەی خوارەوە خانی بۆ ناوی کورمانج مەبەستی هەموو کوردە:

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن | کـــورمانـج هــەمی ل چار کــەنــارن
هــەردوو تەرەفان قەبیـــلێ کورمـــانج | بۆ تیـــرێ قــەزا کــرینە ئــارمـــانج

(شاکەلی، ۲۰۱۹: ۹۰)

لە دێڕێکی دیکەدا شاعیر ئاماژە بە کورمانجی دەدات وەک زمانی کوردی کە زمانی داستانەکەیەتی. لەم چەند بەیتەی خوارەوە خانی باسی بایەخی *مەم و زین* دەکات:

ئەڤ پوول ئەگەرچی بێ بەهانە — یەکڕوونە و صاف و بێ بەهانە
بێ حیلە و خوردە و تەمامن — مەقبوولێ موعامەلا عەوامن
کورمانجییە، صرفە، بێ گومانە، — زێر نینە ببێن سوپیدە مانە
(شاکەلی، ٢٠١٩: ١١٦)

لەم شیعرەی خوارەوەش، شاعیر ئاماژەی بە ناوی کورد داوە؛ وەک نەتەوە بە ئەکراد و کورمانج ناوی بردووە:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد — بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن — کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
(شاکەلی، ٢٠١٩: ٧٩)

لەم شیعرانە دیارە کە لە باکووری کوردستان ناوی کورمانج ناو بووە بۆ نەتەوەی کورد و کورمانجیش ناو بووە بۆ زمانی کوردی؛ بەڵام ئەم ناوە لای هەموو کورد وەک ناوێکی گشتگیر نەبووە بۆ هەموو کورد، زیاتر بۆ کوردی باکوور بووە. کورد لە هەرێمی دیکەی کوردستان بە ناوی دیکە خۆیان ناساندووە. لای غەیری کوردیش، وەک نەتەوەکانی دراوسێ و لای گەڕیدە ئەورووپییەکانیش بە کوردیان نەگوتووە کورمانج، بەڵکوو هەر ناوی کورد لای ئەوان باو بووە. سەبارەت بە ئاخێوەرانی زاری کوردیی گۆرانیش بە هەمان شێوە خۆیان بە گۆران، یان کورد ناساندووە و زارەکەشیان بە گۆرانی، یان کوردی ناو بردووە. ئەم ناوە جیاوازانە بۆ نەتەوەی کورد، دیاردەیەکی ئاساییە کە لە ناوی زۆرێک لە نەتەوە و گەلان لە مێژوودا هەبووە، بۆ ناوی زمانیش بە هەمان شێوە لە سەردەمێک بە ناوێک ناسراوە، دواتر ناوێکی دی زاڵ بووە.[1] ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند دەقێکی شیعری بە گۆرانی کە تێیدا شاعیران ئاماژەیان بەو زمانە داوە کە شیعری پێ دەنووسن. لەم ڕووەوە دەکرێ ئاماژە بەو شیعرەی خانای قوبادی (١٧٠٤-١٧٧٨م) بدەین کە ئەو زمانە کوردییەی شیعری پێ دەنووسێت، گۆرانییە و بە کوردی ناوی دەبات:

ڕاستەن مەواچان فارسی شەککەرەن — کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
بە لەفظ کوردی، کوردستان تەمام — پێش بووان مەحظووظ، باقی «والسلام»
(قوبادی، ٢٠١٦: ٢٩ -٣٠)

لای هەندێک شاعیری دی ئەم زارە کوردییە بە هەر دوو ناوی گۆران و کوردی ناوی هاتووە؛ بۆ نموونە فەقێ قادری هەمەوەند (١٨٣٠-١٨٨٠) کە شاعیرێکی باشووری کوردستانە و بە شێوەی گۆرانی شیعری نووسیوە، بە ڕوونی ئاماژە بە زارە کوردییەکەی دەدات. ناوبراو خەڵکی ناوچەی چەمەچەماڵ و بازیان بووە و هەموو شیعرەکانی بە گۆرانی نووسیوە. لە سەردەمێکدا کە ئەم زمانە ئەدەبییەی گۆران دەسەڵاتی زمانی لە دەشتی کەرکووکدا بووە و شاعیرانی ئاخێوەری کوردیی ناوەندیش بە هەمان زمانی ئەدەبی شیعریان نووسیوە. ناوبراو لە یەکێک لە شیعرەکانی باسی وەرگێڕانی کتێبێک دەکات بە ناوی *پند الحکما* لە فارسییەوە بۆ کوردی و دەڵێت:

چون فارسی بی «*پەند حەکیمان*» — بە لەفظ کوردی کەردم تەرجومان
سا چون من ئەصڵم صینف ئەکرادەن — هەر کەس بە ئەمثال وێش خاطر شادەن
کێشانم تەصدیع پەرێ هامدەمان — کەردم تەرجەمە بە لەفظ گۆران
(هەمەوەند، ١٩٨٠: ٣١)

---

[1]- بۆ نموونە زمانی فارسی کە زمانێکە بە سێ ناوی جیاواز ناسراوە وەک فارسی، دەری، تاجیکی، ...؛ بەڵام زمانەکە لە ڕیشەدا یەک زمانە کە فارسییە. زمانی کوردیش لە ماوەی گەشەکردنی بە چەندین ناوی جیاواز ناسراوە وەک کورمانجی و کوردی و گۆرانی و لوڕی، ...؛ بەڵام هەموو ئەم ناوانە سەر بە یەک زمانن کە ئەویش زمانی کوردییە.

لە خستنەڕووی ئەم شیعرانە، بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە، ئەم زارەی کوردیی ناوەندی لە دەستپێکی بەکارهێنانی وەک زمانی ئەدەبی، لە لایەن شاعیرانی میرنشینی بابان و قوتابخانەی شیعریی بابان و شاعیرانی دواتریش هەر ناوی کوردی بووە و ناوێکی دیکەی نەبووە؛ بەڵام دواتر ناوەکانی دیکەی بۆ پەیدا دەبێت وەک بابانی و کورمانجی و سۆرانی کە زیاتر ناوی میرنشین و ناوی ناوچەیین؛ بەڵام ناوی کورمانجی بۆ کوردی باکوور، ناوێکی کۆن و مێژووییە و ناوەکەی لە دەقی ئەدەبیدا هاتووە، هەرچی ناوی زاری گۆرانیشە بە هەمان شێوە ناوێکی کۆن و مێژووییە و لە دەقە شیعرییەکان ناو بووە بۆ پێکهاتەیەکی کورد و ناوی زارێکی زمانی کوردیشە کە زۆر جار هاوکات لەگەڵ ناوی گۆران ناوی کوردی هاتووە.

## ٦- ناوە هەمەچەشنەکانی زاری کوردیی ناوەندی

کوردیی ناوەندی دوای گەشەکردنی وەک زمانێکی ئەدەبی، دواتریش وەک زمانی ڕەسمی بۆ خوێندن لە باشووری کوردستاندا، ئەم زارە بەهۆی ئەو بایەخە زۆرەی کە بۆ ئەم بەشەی کوردستان هەیبووە، جێگەی سەرنجی توێژەران و کوردناسانی ئەورووپایی بووە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم و هەتا ئێستاش توێژینەوەی گرنگ لەسەر ئەم زارە کراوە. لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێک لە توێژینەوەکانیان دەدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین لە نووسینەکانیان ناوی ئەم زارەیان چۆن هێناوە. یەکێک لە توێژینەوە بەراییەکان کە سەبارەت بەم زارە کوردییە نووسراوە، توێژینەوەکەی ئەلێکساندەر خۆدزکۆیە بە ناوی «چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی، دیالێکتی سلێمانی» بە فەرەنسی نووسیویە و لە گۆڤاری *ئاسیایی* لە ساڵی ١٨٥٧ لە پاریس بڵاو بووەتەوە (خۆدزکۆ، ٢٠٠٥). لەم توێژینەوەیەدا خۆدزکۆ کە ناوی دیالێکتی سلێمانی هێناوە مەبەستی لە سلێمانی، بنزارێکی ئەم زارە بووە کە ئەویش شاری سلێمانی بووە، نەک هەموو زارەکە، کە ئەم ناوە وەک بنزارێکی ئەم زارە هەتا ئێستاش وەک خۆی ماوە. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئۆسکار مان[2] لە نێوان ساڵانی ١٩٠١ هەتا ١٩٠٣ بۆ توێژینەوە لە زمان و زارەکانی ئێران ڕوو لە ئێران دەکات، ماوەیەک لە شاری مەهاباد، کە ئەوسا ناوی ساباڵغ بوو، دەمێنێتەوە و خۆی فێری بنزاری موکری دەکات و کۆمەڵێک بەیت و چیرۆک و گۆرانی و داستان و پەخشان و غەزەڵی کوردیی ئەم ناوچەیە کۆ دەکاتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا، بەرهەمی ئەم کارانەی تەرجەمەی ئاڵمانی کردووە لە کتێبێکدا بە ناوی *دیالێکتی کوردە موکرییەکان*[3] لە ساڵی ١٩٠٦ لە بەرلین بڵاوی کردووەتەوە (ئۆسکار مان، ٢٠١١). ناوی موکریش وەک دیارە تەنیا ئاماژەیە بۆ بنزارێکی ئەم زارە سەرەکییە نەک هەموو زارەکە، کە هەتا ئێستاش ئەم ناوە وەک بنزارێکی ئەم زارە هەر ماوە. جێی ئاماژەیە، بێجگە لەم دوو ناوە ناوچەییە، شێوەزارە ناوچەییەکانی ئەم زارە چەند ناوێکی ناوچەیی و خۆجێییان هەبووە کە زیاتر ناوی شارۆچکە و عەشیرەتن، بۆ نموونە لە باکووری پارێزگای کرماشان لە شارەکانی جوانڕۆ و ڕەوانسەر و سەلاسی باباجانی و سەرپولی زەهاو کە بە کوردیی ناوەندی دەدوێن بە شێوەزارەکەیان دەڵێن جافی، یان لە نێو پارێزگای هەولێر چەندین ناوی ناوچەیی و عەشیرەتی بۆ شێوەزارە ناوچەییەکانی کوردیی ناوەندی هەیە وەک شێوەزاری خۆشناوەتی، ڕەواندزی، سورچی، باڵەکایەتی، زرارەتی، ... ئەمانە ناون بۆ شێوەزارە ناوچەییەکان، بەڵام هەموو زارەکە لای ئاخێوەرانی هەر بە کوردی ناوی هاتووە. وەک لە پێشدا ئاماژەی پێدرا لە ماوەی حوکمڕانی میرنشینی باباندا ئەم زارە کوردییە لای شاعیران ناوەکەی «کوردی» بووە، بەڵام دواتر لە بیستەکانی سەدەی بیستەم چەندین ناوی جیاوازی بۆ پەیدا دەبێت کە ناوی میرنشینی و ناوچەیین و لە ناوەکەی خۆی کە کوردییە دوور دەکەوێتەوە. لە خوارەوە هەر یەک لەم ناوانە دەخەینە ڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین:

---

2. Oskar Mann.
3. Die Mundart der Mukri-Kurden.

## ٦-١- بنزاری بابانی

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان، ئەم زارە سەرەکییە کوردییە بۆ ماوەیەک ناوی بابانی بووە. ڕەنگە لەم ڕووەوە گرنگترین نووسراوێک کە ئاماژەی بە بابانی دابێت، نامیلکەیەکە لە لایەن ڕێکخراوێکی خوێندکاران بە ناوی *هیوی جوانا تەلەبەی کوردان* لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەستەنبوڵ بڵاو کراوەتەوە. ئەم نامیلکەیە بۆ فێربوونی زمانی کوردییە بە هەردوو زاری کوردیی باکوور و ناوەندی. هەر دوو زارە کوردییەکە لەسەر بەرگی کتێبەکە ناویان هاتووە: «هینکر زیمان کوردی، ڕەهبەری زمان هەر دوو کوردی: کورمانجی-بابانی» (هیوی جوانا طلبە کوردان، ١٩٢١). لە کوردناسە ئەوروپییەکانیش مەیجەر نوئێل لە باسی زمانی کوردی، لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە کوردستان کە لە ساڵی ١٩١٩دا چاپ بووە، ئاماژە بە زاری کوردیی ناوەندی دەدات و بە بابا ناوی دەبات کە ئەمەش مەبەستی هەمان بنزاری بابانی بووە. (Noel, 1919: 9). لە سەرچاوەیەکی دی لە چلەکانی سەدەی بیستەم لەبارەی نەخشەی کوردستان ئاماژە بە بنزاری بابانی دراوە. ئەم نەخشەیە لە نامیلکەیەک بە ناوی *نەخشەی کوردستان* لە ساڵی ١٩٤٧ لە قاهیرە بڵاو کراوەتەوە. لەم نامیلکەیەدا لە پێشەکییەکەی باسی ئەو ناوچانە دەکات کە بەشێکن لە خاکی کوردستان، لە سەر نەخشەکەش ئاماژەی بە پێکهاتە سەرەکییەکانی کورد و زارەکانی داوە. لەو بەشەی کە ئەمڕۆ بە باشووری کوردستان ناسراوە بە گەورەیی نووسراوە Babanis بابانییەکان، کە دیارە مەبەستی ئەو بنزارە کوردییەیە کە لەو هەرێمە قسەی پێ دەکرێ. بە هەمان شێوە لە باکووری کوردستانیش کورمانج و زازا نووسراوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئاماژە بە لوڕ و بەختیاری دراوە[٤]. (حەمەخورشید، ٢٠٢٠).




---

[٤]- ئەم نامیلکەیە تەرجەمەی کوردی کراوە وەک پاشکۆیەک لەگەڵ کتێبێک لەبارەی نەخشەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، بڕوانە: د. فوئاد حەمەخورشید، *نەخشەی کوردستان*، توێژینەوەیەکی جوگرافیی سیاسی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سوداد ڕەسووڵ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٢٠.

**٦-٢- کورمانجی یان کورمانجیی خواروو**

ناوبردنی ئەم زارە کوردییە بە کورمانجی جێگەی سەرنجە کە چۆن ئەم ناوە بۆ ئەم زارە پەیدا بووە؛ لە کاتێکدا ئاخێوەرانی بە زارەکەی خۆیان نەگوتووە کورمانجی و هەر بە کوردی ناسراو بووە. لە وردبوونەوە لە بەڵگە چاپکراوەکاندا ڕوون دەبێتە کە بەکارهێنانی ناوی کورمانجی بۆ زاری کوردیی ناوەندی زۆر کۆن نییە و بۆ یەکەم جار لە لایەن مەیجەر سۆنەوە ئەم ناوە بە کار هاتووە و دواتر نووسەرانی کوردیش هەمان ناویان بۆ ئەم زارە بەکار هێناوە. وەک ئاشکرایە مەیجەر سۆن بەشدارییەکی گرنگی هەبووە لە بایەخدان بە زاری کوردیی ناوەندی و لە بواری جیاوازیش کاری لەسەر کردووە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشی بە کوردییەکی ڕەوان بەم زارە قسەی کردووە و نووسیویەتی و لەو ماوەی کە حاکمی شاری سلێمانی بووە، ڕۆژنامەی *پێشکەوتن* لەم شارە بڵاو دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هانی نووسەران دەدات بە کوردییەکی پەتی بنووسن. مەیجەر سۆن یەکەم کەسیش بووە کە ڕێزمانی ئەم زارە کوردییەی بە ئینگلیزی نووسیوەتەوە کە لە ساڵی ۱۹۱۳ لە لەندەن چاپ بووە. لەم کتێبە ڕێزمانییە، بۆ ئەم زارە هەر دوو ناو: کورمانجی و کوردی بۆ بە کار دێنێت: *ڕێزمانی کورمانجی یان زمانی کوردی*[٥] (Soane,1913). لەم ناونیشانە مەبەستی ئەوەیە کە هەر دوو ناو یەکە بۆ زمانەکە، کورمانجی یان کوردی. مەیجەر سۆن لە پێشەکییەکەی بۆ ئەم کتێبە ڕێزمانییە پێی وایە زمانەکانی کوردستان چەند زارێکن سەر بە زمانێکن کە کورد پێی دەڵێ کورمانجی یان کوردمانجی کە ئەم ناوەش بۆی هەیە لە «کوردماهـ» ەوە هات بێت، لەوانەیە «ماهـ»یش لە ناوی «ماد»ەوە پەیدا بووە، واتە لە «کورد ماد»ـەوە بووە بە کورمانج (Soan, 1913: xi). ڕەنگە سۆن لەبەر ئەم بۆچوونەی بێت کە پێی وایە بنەچەی ناوی کورد لە ئەسڵدا کورمانجە؛ بۆیە پێی باش بووە بۆ ناوی ئەم زارە کوردییەش هەر بە کورمانجی ناو ببات. ساڵێک پێش لەم کتێبە ڕێزمانییە، واتە لە ساڵی ۱۹۱۲ ناوبراو لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی بنزاری سلێمانی لە گۆڤاری *کۆمەڵەی ئاسیای مەلەکی* لە لەندەن بڵاو کردووەتەوە بە ناوی *چەند سەرنجێک سەبارەت بە دیالێکتی کوردیی سلێمانی " باشووری کوردستانی تورکیا*[٦] تێیدا باسی چەند لایەنێکی ڕێزمانی ئەم بنزارە دەکات (Soane, 1912). لەم نامیلکەیەدا ناوی زارەکەی بە کوردی هێناوە. ئەگەر سەرنج بدرێ لە دوای ناوی زارەکە ئاماژە بە «باشووری کوردستانی تورکیا» داوە کە مەبەست باشووری کوردستانی ئێستایە کە ئەوسا هێشتا بە عێراقەوە نەلکێندرابوو. وەک دیارە ئەم بەشەی کوردستان کە خراوەتە سەر عێراق ئەوسا لە ڕووی جوگرافییەوە بە باشووری کوردستانی عوسمانی دانراوە، نەک هەموو جوگرافیای کوردستانی گەورە بە بەشی ئێرانەوە؛ هەر بۆیە باشووری کوردستان بووە بە ناوێک بۆ ئەم بەشەی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەیری تەواوی نەخشەی کوردستان بکرێ بە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە، نابێ ئەم بەشە باشوور بێت؛ ئەم بەشە بە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕووی جوگرافییەوە بە ناوەڕاستی کوردستان دادەنرێت و بەشەکانی خوارووی کوردستانی ئێران کە لە پارێزگای کرماشانەوە دەست پێ دەکات بەرەو باشوور بۆ لوڕستان درێژ دەبێتەوە بە خوارووی کوردستان دادەنرێت. دواتر لە ساڵی ۱۹۱۹ سۆن، جارێکی دی نامیلکەیەکی ڕێزمانی سەرەتایی بە شێوەزاری سلێمانی بڵاو کردووەتەوە ناوی لێ ناوە: *ڕێزمانێکی سەرەتایی کورمانجی* (Soane, 1919). جارێکی دی جەختی لە ناوی کورمانجی بۆ ئەم زارە کوردییە کردووەتەوە. ئەمجارە لە ساڵی ۱۹۲۲ هەر لە لایەن سۆن توێژینەوەیەکی دی سەبارەت بە دەنگسازیی کوردیی ناوەندی بڵاو کراوەتەوە بە ناوی *چەند سەرنجێک لەبارەی فۆنۆلۆجیی کورمانجیی خواروو*[٧]، جارێکی دی جەخت لەسەر ناوی کورمانجی کراوەتەوە و ئەمجارە بە کورمانجی خواروو ناوی بردووە کە لە پێش ئەو، هیچ نووسەرێکی دی بەم ناوە بۆ ئەم زارە ئاماژەی نەداوە (Soane, 1922).

[5]. *Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language*
[6]. *Note on a Kurdish Dialect, Sulaimania, Southern Turkish Kurdistan*
[7]. *Notes on the phonology of southern kurmanji*


Grammar
of the
Kurmanji or Kurdish Language

By
E. B. Soane
Author of "To Kurdistan and Mesopotamia in Disguise", etc.

LONDON
LUZAC & CO.
PUBLISHERS TO THE INDIA OFFICE
46 GREAT RUSSELL STREET
1913


Notes on the Phonology of
Southern Kurmanji

BY
MAJOR E. B. SOANE, C.B.E.

[From the JOURNAL OF THE ROYAL ASIATIC SOCIETY, April, 1922.]

بەپێی ئەو بەڵگە چاپکراوانەی کە لەبەر دەستدان، ڕوون دەبێتەوە کە یەکەم کەسێک ناوی کورمانجی بۆ ئەم زارە بەکار هێنابێت، مەیجەر سۆن بووە کە لێرە بە دواوە ئەم ناوە دەبێت بە باو لای نووسەرانی کورد و ئەوانیش بە هەمان شێوە لە دابەشکردنی زارە کوردییەکاندا ناوی زاری کوردیی ناوەندی بە کرمانجیی ڕۆژهەڵاتی و خواروو و کرمانجیی ناوەڕاست ناو دەبەن.

## ٦-٣- کرمانجیی شەرقی

دوای سۆن، ڕەنگە یەکەم کەس لە ناو کورددا ئەم زارەی بە کورمانجی ناو بردبێت، محەمەد ئەمین زەگی بەگ بووە کە لە کتێبەکەی *خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان* ئاماژە بە دابەشکردنی زارە کوردییەکان دەدات و هەر دوو زاری سەرەکیی کوردی بە کرمانجیی شەرقی و کرمانجیی شیمالی و غەربی ناو دەبات (زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٢٢٦). مەبەستی لە شەرقیش، ڕۆژهەڵاتی ڕووباری زێی گەورەیە کە کوردیی ناوەندی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو زێیە و کوردیی باکووریش دەکەوێتە ڕۆژئاوا و باکووری ئەم زێیە. ئەم ناوە بۆ زاری کوردیی ناوەندی بەردەوام نابێت، تەنیا ئەوە نەبێت لە حەفتاکاندا جارێکی دی لە دابەشکردنێکی کەماڵ فوئاد بە ناوی کوردیی ڕۆژهەڵات بە کار دێتەوە، بەڵام ئەو ناوەی زیاتر لە نووسیندا زاڵ دەبێت، کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ناوەڕاستە.

## ٦-٤- کرمانجیی جنوبی

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا یەکەم کەسێک ناوی کورمانجی و کورمانجیی خوارووی بۆ زاری کوردیی ناوەندی داهێنابێت، مەیجەر سۆن بووە. ڕەنگە دوای ئەو یەکەم کەسێک لە نووسەرانی کورد ئەم ناوەی بە کار هێنابێتەوە، تەوفیق وەهبی بووە. ناوبراو لە وتارێکی کە لە ساڵی ١٩٤٠ لە گۆڤاری *گەلاوێژ* بڵاو بووەتەوە، دابەشکردنێکی نوێ بۆ زارە کوردییەکان کردووە کە لە هەموو دابەشکردنەکانی پێشووتر، پێشکەوتووتر و زانستیترە و بێجگە لە زارە سەرەکییەکان، بنزارەکانیش دەستنیشان دەکات. لەم دابەشکردنە دوو زاری کرمانجی دەستنیشان دەکات:

۱- کرمانجی، دەبێ بە دوو بەش:

ئەلف- کرمانجیی شیمالی: بایەزیدی، حەکاری، بۆتانی، ئاشیتەیی، بادینانی.

بێ- کرمانجیی جنوبی: موکری، سۆرانی، سنەیی، سلێمانی.

۲- کۆمەڵە شێوەی لوڕی: کەلهوڕی، لەکی، فەیلی، لوڕی، بەختیاری، مامەسانی-کۆهگلویی.

۳- شێوەی گۆران: هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی.

٤- زازا (وهبی بەگ، ۱۹٤۰: ۲۷-۳۰).

دوای ئەم دابەشکردنەی تەوفیق وەهبی، ئیدی هەر نووسەر و زمانەوانێکی دی دابەشکردنی بۆ زارەکان کردبێت، هەمان ناوی «کرمانجی» بۆ ئەم زارە بەکار هێناوە. تەوفیق وەهبی بۆ ناوهێنانی ئەم زارە بە «کرمانج»، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە. وەک دیارە ئەویش لە ژێر کاریگەریی نووسەرانی پێش خۆی بووە و لە سۆن و ئەمین زەکی بەگ وەریگرتووە و لە سەر هەمان ناو ڕۆیشتووە؛ بەڵام ناوهێنانی بە کرمانجیی جنوبی، ئەمە دیارە لەبەر ئەوە بووە کە ئەم بەشەی کوردستان بە باشووری کوردستان ناوی هاتووە و لە سەردەمی حوکمداری شێخ مەحموودیش لە نێوان ساڵانی ۱۹۱۸ تا ۱۹۲٤ ناوی حکومەتەکە: حکومەتی جنوبی کوردستان بووە؛ هەر بۆیە هەتا ئێستاش ئەم بەشەی کوردستان هەر بە باشووری کوردستان ناوی دەبرێت کە دواتر بۆ ناوی زارەکەش بە کار هاتووە؛ هەڵبەت ناوێکی پڕبەپێست و گشتگیر نییە بۆ ئەم زارە گەورە و فراوانە کە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش درێژ دەبێتەوە. ئەم ناوە هەتا حەفتاکانیش بۆ ئەم زارە کوردییە لە دابەشکردنی زارەکان هەر بەردەوام بووە. ئەوەی مایەی سەرنجدانە لە دابەشکردنەکەی تەوفیق وەهبی، لە دیارکردنی بنزارەکانی کوردیی ناوەندی، ناوی سۆرانییە، وەک بنزارێکی ئەم زارە سەرەکییەی ناساندووە کە دانانی ئەم ناوە ڕەنگە یەکەم کەسێک بێت بۆ ئەم بنزارە بەکاری هێنابێت.

## ٦-٥- کرمانجیی دەستەڕاست

لە ساڵی ۱۹۶۰ شێخ محەمەدی خاڵ لە *فەرهەنگی خاڵ*دا، بۆ دابەشکردنی زارە کوردییەکان ئەم زارە سەرەکییە بە کرمانجیی دەستەڕاست و کوردیی باکووریش بە کرمانجیی دەستەچەپ ناو دەبات:

۱- زازا.

۲- کرمانجیی دەستەچەپ(شیمالی): بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی.

۳- کرمانجیی دەستەڕاست: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەڵهوڕی، گۆرانی.

٤- لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی (خاڵ، ۱۹۶۰: ۲۶).

ناوهێنانی ئەم زارە سەرەکییە بە کرمانجیی دەستەڕاست، ناوێکە هەر لەم فەرهەنگە بەکار هاتووە و زۆر بڵاو نەبووەتەوە. ئەگەر سەرنج بدرێ ناوی سۆرانی و بابانیش وەک دوو بنزاری ئەم زارە سەرەکییە بە کارهاتووە. مەبەستی لە بابانی، وەک یەکێک لە بنزارەکانی کوردیی ناوەندی، بنزاری سلێمانییە.

## ٦-٦- کۆمەڵە زاری کوردیی ناوەندی

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کوردناسی ئینگلیز دەیڤید مەکەنزی سەردانی کوردستان دەکات و توێژینەوەیەکی مەیدانی-زانستی لەبارەی زارە کوردییەکان لە باشووری کوردستان ئەنجام دەدات. هەر دوو زاری کوردیی باکوور و ناوەندی لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە بەراورد دەکات کە دواتر ئەم توێژینەوەیە وەک تێزی دکتۆرانامە لە بەریتانیا بە ناوی *چەند لێکۆڵینەوەیەک لە زارە کوردییەکان*[۸] لە ساڵی ۱۹۶۱ بڵاو دەکاتەوە (Mackenzie, 1961). لەم کتێبەدا زارە کوردییەکانی بۆ سێ کۆمەڵە زار دابەش کردووە:

---

[۸] . Kurdish Dialect Studies

کۆمەڵە زاری کوردیی باکوور، کۆمەڵە زاری کوردیی ناوەندی، کۆمەڵە زاری کوردیی باشوور (Mackenzie, 1961: 17-21)[٩]. ناوهێنانی ئەم زارە بە کوردیی ناوەندی[١٠] لای مەکەنزی، سەرەتایەک بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ناوی ئەم زارە کە لە هەموو ناوەکانی دی ڕاسترە و ناوی زارەکەی بە کوردی ناو بردووە و شوێنی جوگرافیی زارەکەشی بە ناوەندی داناوە؛ چونکە ئەم زارە بە شوێنی جوگرافی دەکەوێتە ناوەندی کوردستانی گەورە و لە ناوەندی هەر دوو زاری سەرەکیی کوردیی باکوور و کوردیی خواروو (کەلهوڕی)دایە. ئەم ناوە کە ڕاستترین ناوێکە بۆ ئەم زارە، بە درەنگەوە هاتە ناو لێکۆڵینەوە کوردییەکان و لە بواری کوردناسیش لە ئورووپا کەمتر بڵاو بووەوە کە ئەمڕۆ لای ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسە ئورووپییەکان زیاتر ئەم زارە بە کوردیی سۆرانی[١١] ناسراوە کە ناوێکی هەڵەیە بۆ ئەم زارە سەرەکییە.

### ٦-٧- کوردیی ڕۆژهەڵات یا کرمانجیی خواروو

کەماڵ فوئاد لە ساڵی ١٩٧١ دابەشکردنێکی نوێ بۆ زارە کوردییەکان دەکات و ناوی ئەم زارە بە کوردیی ڕۆژهەڵات یان کرمانجیی خواروو ناو دەبات؛ کوردیی باکووریش بە کوردیی ڕۆژئاوا و کرمانجی سەروو ناوی دەبات.

١- کوردیی ڕۆژئاوا یان کرمانجیی سەروو: عفرینی، جەزیری، بۆتی، هەکاری، بادینی، بایەزیدی.

٢- کوردیی ڕۆژهەڵاتی یان کرمانجیی خواروو: سۆرانی، موکری، سلێمانی، سنەیی.

٣- کوردیی باشوور: کولیایی، کەلوڕی، لەکی، خانەقینی.

٤- گۆرانی و زازایی: هەورامی، کەنوولەیی، باجەلانی، گەهوارەیی (فوئاد، ١٩٧١: ١٦-٢٢).

وەک دیارە ئەم ناوهێنانە بۆ ئەم زارە بە کوردیی ڕۆژهەڵات لە دابەشکردنەکانی پێش خۆی وەرگیراوە کە لە سییەکان ئەمین زەکی بەگ بە کورمانجیی شەرقی (ڕۆژهەڵات) ناوی بردووە، بەڵام ئەو لێرە بە کوردیی ڕۆژهەڵات ناوی بردووە.

### ٦-٨- کرمانجیی ناوەڕاست

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، چەند دابەشکردنێکی دی بۆ زارەکان دەکرێن و ناوی ئەم زارە هەر بە کرمانجی دەمێنێتەوە؛ بەڵام ئەمجارە دەبێت بە کرمانجیی ناوەڕاست. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە دابەشکردنەکەی جەمال نەبەز بۆ زارە کوردییەکان، ئەم زارە لە کرمانجیی خوارووەوە ناوەکەی دەبێت بە کرمانجیی نێوەڕاست، بۆ زارەکانی دیکەی خوارووی کوردستانیش کە بە لوڕی ناسراو بووە وەک «لوڕی و کەلهوڕی و لەک، فەیلی» بۆ ئەوانیش کرمانجیی ژێروو بەکار دێنێت؛ واتە لەم دابەشکردنە ناوی کرمانجی ئەمجارە دەپەڕێتەوە بۆ زارەکانی دیکەی خوارووی کوردستانیش لە ئێران:

ئەلف- دوو شێوە بنچینەییەکە:

١- کرمانجیی ژووروو: بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی.

٢- کرمانجیی نێوەڕاست: سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پشدەری.

بێ- دوو شێوە لاتەنیشتەکە:

١- کرمانجیی ژێروو: فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، لوڕی.

٢- کۆمەڵە شێوەی گۆرانی-زازایی: هەورامی، ماچۆیی، زازایی (نەبەز، ١٩٧٦: ٢٣).

---

[٩]- ئەم دابەشکردنەی دەیڤید مەکنزی بۆ زارە کوردییەکان، ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەی پۆلێنی زارە کوردییەکانی نەکردووە، لە ناوهێنانی بنزاری هەندێک لە زارەکان ئاماژەی بەم سێ کۆمەڵە زارە کوردییە داوە.

[10]. Central Kurdish

[11]. Sorani Kurdish

دواتر لە هەشتاکان لە دابەشکردنەکەی فوئاد حەمە خورشیدیش بۆ زارە کوردییەکان، ناوی کرمانجی بۆ هەر سێ زاری سەرەکیی کوردی بەکار دێت، جارێکی دی جەختی لە سەر دەکرێتەوە:

١- کرمانجیی باکوور: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا.

٢- کرمانجیی ناوەڕاست: موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی.

٣- کرمانجیی باشوور: لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ.

٤- دیالێکتی گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا (حەمەخورشید، ۱۹۸۵: ٤٠).

لە دوای هەشتاکان ئەم دابەشکردنە بۆ زارە کوردییەکان بە کتێب و سەرچاوەکاندا بڵاو دەبێتەوە، هەتا ڕادەیەکیش دەچەسپێت، بەڵام لە ناو خەڵکدا زیاتر ئەم زارە سەرەکییە هەر بە سۆرانی ناسراو بوو.

### ٦-٩- زاری سۆرانی

ناوی سۆرانی بۆ ئەم زارە سەرەکییە لە ناو خەڵک و لە نووسیندا هێشتا باوترین ناوێکە کە لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت لە نێو کوردناسانی ئەورووپیش زۆر بڵاوە و ناوێکە هەرگیز بۆ ئەم زارە گەورە کوردییە گونجاو نییە. ڕەنگە نەتوانین بەوردی دەستنیشان بکەین کەی ئەم زارە سەرەکییە کوردییە بە سۆرانی ناوی براوە، بەڵام لە گەڕان بە ناو سەرچاوەکاندا ناوی سۆرانی وەک زارێکی کوردی هاتووە. ڕەنگە کۆنترین ناوهێنانێک بۆ سۆرانی وەک زار لە لایەن گەڕیدەی تورک ئەولیا چەلەبی بێت کە لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا بۆ ماوەی چل ساڵ لە سەفەرێکدا بوو بۆ هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی دەوروبەری. لە سەفەرەکانی بۆ کوردستان لە هەندێک شوێن دێتە سەر باسی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، پازدە زاری کوردی ناو دەبات، ئەم ناوانە بریتین لە: زازا، لولو، هەکاری، عونیکی، مەحموودی و شێروانی، جەزیرەوی، پسانی، سنجاری، حەریری، ئەردەڵانی، سۆرانی، خالتی، چەکوانی، عەمادی (ئامێدی)، ڕۆژەکی (چلبی، ۱۳۱٤: ۷۵) و (چەلەبی، ۱۹۷۹: ۹۱). ئەم ناوانە وەک دیارە ناوی عەشیرەت و میرنشینی و ناوچە و شارن لە کوردستاندا و بە هیچ شێوەیەک دابەشکردنێکی زمانەوانی نییە بۆ زارە کوردییەکان. زمانی کوردیش ئەم هەموو زارەی نەبووە؛ بۆیە ئەم ناوهێنانە بۆ سۆرانی لای ئەولیا چەلەبی زیاتر مەبەستی میرنشینی سۆرانە، یان ئەو زارە کوردییە کە لە چوارچێوەی ئەم میرنشینە قسەی پێ دەکرێ. ناوی سۆرانی لە مێژوودا نە ناوی عەشیرەتێکی کورد بووە و نە ناوی گوندێکیش بووە؛ بەڵکوو تەنیا ناوی ئەو میرنشینە بووە کە بە سۆران ناسراو بووە و هەتا ساڵی ۱۸۳۵ لە ناوچەیەکی بەرفراوان لە باشووری کوردستان بە تایبەت لە پارێزگای هەولێر فەرمانڕەوا بووە و پایتەختەکەی ئەوسا شاری ڕەواندز بووە. دوای ڕووخانی میرنشینەکە ناوەکە دەمێنێتەوە و دواتر لە لایەن خەڵکی بادینانەوە کە لە ڕۆژئاوای زێی گەورەن، ئەم ناوە بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەو زێیە بەکار هاتووە کە پێشتر لە لایەن میرنشینی سۆرانەوە فەرمانڕەوایی کراوە؛ بۆیە ئەوەی زیاتر برەوی بەم ناوە دابێت لە لایەن بادینان و کورمانجی ئاخێوەکان بووە. لای کوردانی باکووریش ئەم ناوە لە سەدەی نۆزدەم هەبووە و کوردی ئەم هەرێمەیان بە سۆرانی ناو بردووە، بۆ نموونە لە ژمارەی سێی ڕۆژنامەی *کوردستان* کە لە مارسی ۱۸۹۸ لە قاهیرە دەرچووە، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر وەفاتی حاجی قادری کۆیی هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە و حاجی قادر بە خەڵکی «سۆرا» ناو دەبات و دەڵێت: «عالمەک ژ سۆرا هەبی سالا دی وەفات کر، ڕەحمەتا خودێ لێ بە، خودێ گونەهێ وی بغەفرینە، ناڤێ وی حاجی عبدالقادر بی، ئەڤ مرۆڤ ساغیا خودە گەلەک خەبتی دەرحەقا عەلماندنا عیلم و مەعریفەتیرە گەلەک بەیت و ئەشعارێن کورمانجی دنڤیسی ڕێ دکر وەلاتێ خوە سۆرا. عەزمانێ وی سۆرایە، لەوما کورد حەمی ڤێ عەزمانێ نزانن» (فوئاد، ۱۹۷۲: ۱۱). ئەمە بەڵگەیە کە ناوی سۆران ئەوسا لای کوردانی باکوور، بۆ ئەو کوردانەی کە بە زاری کوردیی ناوەندی قسە دەکەن باو بووە، بە زارەکەشیان گوتووە سۆرانیک بەڵام ئەم ناوهێنانە زیاتر لای ئەوان بووە، لای ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی هەر ناوی کورد و کوردی باو بووە ص خەڵکی ناوچەکە لە ڕابردوودا هەرگیز بە زارەکەی خۆیان نەگوتووە سۆرانی.

شێوەزارەکانی ئەو ناوچەیە چەند ناوێکی ناوچەییان هەبووە وەک ڕەواندزی، خۆشناوەتی، سورچی، باڵەکەیاتی، هەولێری، تاد؛ بەڵام بە هەموو زارەکە گوتراوە کوردی؛ بۆیە برەودان بە ناوی سۆرانی لە دەرەوەی ناوچەکە و لای کورمانجی ئاخێوەکان بەتایبەت بادینان بووە. لە دوای پەنجاکان ئەم ناوە بە ڕادەیەک لە نووسین و بە ناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، دەبێت بە ناوێک بۆ هەموو کوردانی ئاخێوەری کوردیی ناوەندی کە لە ناوچەی میرنشینی سۆران و بابان قسەی پێ کراوە. دواتر ئەم ناوە دەپەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئێستا لە هەر دوو بەشی کوردستان ناوی کوردی سۆران و زاری کوردیی سۆرانی بووە بە ناوێکی باو. بە هۆی بەربڵاوی ئەو ناوە لە ناوچەکە و بۆ زارەکەش، لە دوای نەوەدەکان بە تەنیشت دیانای کۆن، شارێکی نوێ بنیات دەنرێت بە ناوی قەزای سۆران و لە دوای ٢٠٠٩وە زانکۆیەکیش هەر بەو ناوە لە ناوچەکە دادەمەزرێت. ئەوەی مایەی سەرنجدانە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا لە دابەشکردنەکەی تەوفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٤٠ بۆ یەکەمجار سۆرانی وەک بنزارێکی ئەم زارە سەرەکییە ناوی هاتووە کە مەبەست لە سۆرانی ئاخێوەرانی ئەو بنزارە بووە کە لە ناوچەی ڕەواندز و دیانای کۆن قسەی پێ دەکەن کە لە دابەشکردنەکانی دواتر وەک ناوێک بۆ هەموو شێوەزارە ناوچەییەکانی پارێزگای هەولێر بە کار هاتووە؛ چونکە ئەم شێوەزارانە نزیکن لە یەک و جیاوازییە زارییەکانیان کەمە. لە پێش ئەم دابەشکردنەی تەوفیق وەهبی، ناوی سۆرانی بۆ ئەم بنزارە لە هیچ دابەشکردنێکی پێشووتر نەهاتووە؛ بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم ناوە بۆ بنزارێکی ئەم زارە سەرەکییە لە چلەکان دەست پێ دەکات. بەپێی بەڵگەی نووسراو، ناوی سۆرانی لای ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە دەژین هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم نە ناوی زار بووە و نە ناوێکیش بووە بۆ ئەو کوردانەی نیشتەجێی ئەم ناوچەیەن؛ بۆیە ناوی سۆرانی بۆ ناوی ئەم زارە و بۆ ناوی کورد لە ناوەڕاستی کوردستاندا، مێژوویەکی کۆنی نییە. هەر لە سەر ئەم بنەڕەتە، ڕاست نییە ناوی بنزارێکی ناوچەیی بکرێت بە ناو بۆ هەموو زارەکە. لە لایەکی دیکەوە، ناوی سۆرانی هەموو ئاخێوەرانی زارەکە و شوێنی جوگرافییا ناگرێتەوە کە پانتاییەکی گەورە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. ئەمیر حەسەنپوور تێزی دکتۆراکەی بە ناوی *ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا، ١٩١٨-١٩٨٥* کە توێژینەوەیەکی بەرفراوانە سەبارەت بە مێژووی گەشەکردن و بەپێوەرکردنی کوردیی ناوەندی. زارە کوردییەکانی بەم شێوەیە پۆلێن کردووە: کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، کرماشانی (Hassanpour, 1992: 20). ئەمیر لە هەموو نووسەرەکانی دی زیاتر جەخت لە ناوی سۆرانی بۆ ئەم زارە دەکاتەوە و تێزە دکتۆراکەشی بە ئینگلیزی نووسیوە و لە هەندەران بڵاو بووەتەوە. ئیدی دوای ئەوە ناوی سۆرانی بۆ زاری کوردیی ناوەندی بە خێرایی لە نێو کوردناسانی ئەورووپیش بڵاو دەبێتەوە.

### ٧- زاری کوردیی ناوەندی

لە خستنەڕووی ناوە هەمەچەشنەکانی ئەم زارە کوردییە و چۆنیەتیی پەیدابوونیان، ڕوون دەبێتەوە ناوەکان بەگشتی کێشە و کەموکوورییان هەیە؛ بەتایبەت ناوی سۆرانی کە ئەمڕۆ باوترین ناوە بۆ ئەم زارە، ناوێکی هەڵەیە و هیچ پاشخانێکی مێژوویی بۆ ناوی زارەکە نییە و زیاتر لە لایەن خەڵک و لە دەرەوەی ناوچەکەی خۆی ئەم ناوەی بۆ پەیدا بووە و بەخێراییش بڵاو بووەتەوە؛ بۆیە پێویستە لە بواری ئەکادیمیدا ئەم ناوە ڕاست بکرێتەوە و ناوێکی گونجاوی بۆ دابنرێت کە گونجاوترین ناو: کوردیی ناوەندییە. ئەم ناوە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا لە شەستەکانەوە لە لایەن مەکەنزی بەکار هاتووە، بەڵام کورد بە درەنگەوە ئەم ناوەی بەکار هێناوە. ئەم ناوە ڕاستترین و زانستیترین ناوێکە بۆ ئەم زارە کوردییە؛ چونکە «کوردی»، ناوی ڕەسەن و مێژوویی زارەکەیە کە لە کۆندا ئەم زارە هەر بە ناوی کوردی ناسراو بووە. لەبارەی وشەی ناوەندیش، ئەگەر تەماشایەکی نەخشەی زارە کوردییەکان بکەین، دەبینین ئەم زارە لە ناوەڕاستی کوردستاندا هەڵکەوتووە و ئاخێوەرانی هەر لە باشووری کوردستان نییە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پانتاییەکی گەورە دەگرێتەوە کە لە خوار ورمێوە دەست پێ دەکات تا باکووری پارێزگای کرماشان درێژ دەبێتەوە. بۆیە بەپێی جوگرافیای ئاخێوەرانی لە ناوەندی هەر دوو زاری دیکەی سەرەکیی کوردی هەڵکەوتووە، کەواتە کوردیی ناوەندی، ناوێکی ڕاستتر و گشتگیرترە بۆ ئەم زارە تا ناوەکانی دی؛ کە زیاتر ناوی میرنشینی و ناوی ناوچەیە، یان ناوە بۆ بنزارێکی ناوچەیی؛ بەڵام

کوردیی ناوەندی تێکڕای قەوارەی ئاخێوەرانی زارەکە دەگرێتەوە. ئەوەش ڕوون کرایەوە ناوی کورمانجی کە دواتر بووە بە ناو بۆ ئەم زارە، ئەویش ناوێکی ڕاست نییە؛ چونکە کورمانجی بۆ کوردیی باکوور بەکار هاتووە، بۆ کوردیی ناوەندی نەبووە؛ لە لایەکی دیکەوە ناوی گشتگیر و باو بۆ نەتەوەی کورد کە لای زۆرینەی کورد و گەلانی دراوسێ و لای ئەوروپاییەکانیش ناوی (کورد)ە و کورمانج نییە، کەواتە دەبێ ناوی زمانەکەش کوردی بێت نەک کورمانجی؛ چونکە ئەم ناوە گشتگیرتر و ڕاستترە.

ئەگەر سەرنج بدرێ لەم سەردەمەش، هەندێ لەو کتێبانەی سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی بڵاو بوونەوە بۆ ناوی زارە کوردییەکان لەپاڵ ناوی کرمانجیی ناوەڕاست، ناوی کوردیی ناوەڕاستیش هاتووە (سەجادی و ئیبراهیمی، ۱۳۹۸). ئەمەش ئاماژەیە کە هەوڵ دەدرێ لەجیاتی کرمانجی، ناوی کوردی بەکار بێت. ناوی کورمانجی زیاتر بۆ ناوی پێکهاتەیەکی کوردە، ناوی پێکهاتەیەکی کورد نابێ بکرێ بە ناو بۆ هەموو کورد و زمانەکەشی. هەر لە سەر ئەم بنەڕەتە زۆر گرنگە بۆ زاری کوردیی کوردەکانی باکووریش لەجیاتی کورمانجی هەمان ناوی کوردی بەکار بێت؛ چونکە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی نەتەوە، ئەم ناوە بۆ ئێستا ڕاستترە. ئەم ڕەوتە لە بەکارهێنانی ناوی «کوردی» لای کوردەکانی باکووریش دەستی پێ کردووە کە ناوی زارە کوردییەکەیان بە کوردیی باکوور ناو دەبەن نەک کورمانجی. هەر لە سەر ئەم بنەڕەتە بۆ ناوی زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستانیش کە بە چەند ناوێکی عەشیرەتی و ناوچەیی وەک کەڵهوڕی و کرماشانی و لەکی و لوڕی ناسراون، هەر هەمان ناوی کوردیی خواروو یان باشوور، ناوێکی ڕاستتر و گشتگیرترە بۆ ئەم زارە کوردییە.

**۸- دەرئەنجام**

کورد و کورمانج لە مێژوودا دوو ناو بوون بۆ کورد. کورمانج زیاتر ناو بووە بۆ ئەو کوردانەی لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان نیشتەجێن؛ بەڵام ناوی کورد ناوێکی گشتگیر بووە بۆ هەموو نەتەوەکە. لە هەمان کاتدا لە هەندێک سەردەم بەو کوردانەش گوتراوە کورمانج یان کورماج کە لە ناوەڕاستی کوردستاندا نیشتەجێن و بە زاری کوردیی ناوەندی قسە دەکەن. دواتر ئەم ناوە لای ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی کاڵ بووەتەوە و کورماج و کورمانج نەماوە و لە جێگەی ناوی کورد بەکار هاتووە؛ بۆیە بە زارەکەی خۆشیان گوتووە «کوردی». لە بەرانبەر ئەوە، کوردەکانی باکوور بە زمانە کوردییەکەیان گوتووە کورمانجی. لەم توێژینەوەیە ڕوون کرایەوە ناوی کورمانجی بۆ ئەم زارەی کوردیی ناوەندی، ناوێکە ڕیشەیەکی مێژوویی نییە؛ ناوێکە لە لایەن مەیجەر سۆنەوە بۆ یەکەمجار بۆ ئەم زارە کوردییە بەکار هێنراوە و دواتریش لە نووسینی نووسەرانی کورددا هەمان ناو بەکار هاتووە و بڵاو بووەتەوە و بووە بە کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ڕۆژهەڵات و کرمانجیی ناوەڕاست، و تاد. ناوی کرمانجی بۆ ئەم زارە ناوێکی گونجاو نییە؛ چونکە ئاخێوەرانی ئەم زارە بە زمانەکەیان ناڵێن کرمانجی، دەڵێن کوردی؛ بۆیە ڕاستترە هەر کوردی بێت. ناوی سۆرانیش کە لە دوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم بۆ ئەم زارە بە ناو خەڵک و نووسیندا بڵاو بووەتەوە، ئەم ناوەش بۆ ئەم زارە، ناوێکی نوێیە و گونجاو نییە. هەرچەندە ئەمڕۆ ناوی سۆرانی لە هەموو ناوەکان لە ناو خەڵک و ڕاگەیاندن و مێدیا و لە نێو کوردناسانی ئەوروپاییش زۆر بڵاوە. بەپێی نەخشەی زارە کوردییەکان و قەوارەی دانیشتوانی ئاخێوەری ئەم زارە، ناوی سۆرانی ناوێکی گونجاو نییە و لە کۆندا ناوی میرنشینێکی کوردی بووە و ئێستاش ناوی قەزایەکە لە دوای نەوەدەکان بە تەنیشت دیانای کۆن بنیات نراوە؛ بۆیە ناوی سۆرانی وەک بنزارێکی ئەم زارە کێشەی نییە، بەڵام بۆ هەموو زارەکە گونجاو نییە. ڕاسترین ناوێک بۆ ئەم زارە سەرەکییە، کوردیی ناوەندییە؛ چونکە ئاخێوەرانی ئەم زارە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن و لە نەخشەی کوردستانی گەورەشدا لە ناوەڕاستی کوردستان هەڵکەوتووە، بۆیە ڕاستترە ناوی زارەکەش کوردیی ناوەندی بێت. لەبەر ئەوەی کورمانج ناوێکی ناوچەییە بۆ کورد، ناوە گشتگیر و زاڵەکە کوردە و ناوی زمانەکەش کوردییە؛ بۆیە گرنگە بۆ هەر چوار زاری سەرەکیی کوردی هەمان ناوی کوردی بەکار بێت، بەم شێوەیە: زاری کوردیی باکوور، زاری کوردیی ناوەندی، زاری کوردیی خواروو، یان باشوور لەگەڵ زاری کوردیی گۆران-زازا. بەم شێوە ناوهێنانە ناسنامەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی بە زارە کوردییەکان دەبەخشرێ و لە ناوهێنانی ناوچەیی و میرنشینی و عەشیرەتی ڕزگاری دەبێت.

## سەرچاوەکان

## کوردی:


ابن‌الحاج، مەلا محەممەدی حاجی حەسەن. (1975). *مەهدی‌نامە* لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

ئەحمەد، کەماڵ مەزهەر. (١٩٨٥). «*چمکێک لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی*»، لە کتێبی *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد*. بەغدا: الأدیب البغدادیة.

ئەمین زەکی بەگ، محەممەد. (٢٠٠٥). *دوو تەقەلای بێ سوود*، لە کتێبی *سەرجەمی بەرهەمی محەممەد ئەمین زەکی بەگ*. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.

ـــــــ (٢٠٠٦). *خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ*. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا. (١٩٩٣). *حکومەتی کوردستان: کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا*. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان.

تاڵەبانی، شێخ ڕەزا. (٢٠١٠). *دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*. ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

تۆفیق، زرار سدیق. (٢٠٢١). «پەیڤی کرمانج، هەندێک زانیاریی نوێ»، لە کتێبی: لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە. سلێمانی: بڵاوکراوەی دەزگای جەمال عیرفان.

چەلەبی، ئەولیا. (١٩٧٩). *کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا: سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی*. وەرگێڕانی سەعید ناکام، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

حەمەخورشید، فوئاد. (١٩٨٥). *زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافی دیالێکتەکانی*. وەرگێڕانی حەمە کەریم هەورامی، بەغدا: آفاق العربیة.

ـــــــ (٢٠٢٠). *نەخشەی کوردستان، توێژینەوەیەکی جوگرافیی سیاسی*. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە سوداد ڕەسووڵ، سلێمانی: کەمال.

خاڵ، شێخ محەممەد.(١٩٦٠). *فەرهەنگی خاڵ*. جزمی یەکەم. سلێمانی: کامەران.

خواجە، ئەحمەد. (٢٠١٣). *چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن*. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.

خۆدزکۆ، ئەلێکساندەر. (٢٠٠٥). *چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی*، «دیالێکتی سلێمانی»، وەرگێڕانی لە فەرانسییەوە نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.

سالم، عەبدوڕەحمان بەگ ساحێبقران. (٢٠١٥). *دیوانی سالم*. ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، محەممەدی مەلا کەریم، فاتیح عەبدولکەریم. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی. (١٣٩٨). *زمان و وێژەی کوردی*. چاپی سێیەم. سەقز: گوتار.

شاکەلی، فەرهاد. (٢٠١٩). *ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا*. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە سوداد ڕەسووڵ. هەولێر: خانەی موکریانی.

فوئاد. کەمال. (١٩٧١). «زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان». گۆڤاری *زانیاری*، ژ.٤، ساڵی یەکەم. بەغدا: (دارالسلام).

ـــــــ (١٩٧٢). *کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢*. بەغدا: اوفسیت الأخلاص.

کۆیی، حاجی قادر. (۱۳۹۰). *دیوانی حاجی قادری کۆیی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا. سنە: انتشارات کردستان.

قوبادی، خانا. (۲۰۱٦). *دیوانی خانای قوبادی*. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین). سنە: شوان.

مان، ئۆسکار. (۲۰۱۱). *توحفەی مەزەفەریيە*. پێشەکی و ساخکردنەوەی و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی. هەولێر: بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس.

مەحوی، مەلامحەممەد باڵخی. (۱۳۸۷). *دیوانی مەحوی*. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، محەمەدی مەلا کەریم. سنە: انتشارات کردستان.

نالی، مەلا خدر ئەحمەدی شاوەیسی میکایەڵی. (۱۹۷٦). *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

نۆدێ، شێخ مەعروف. (۱۳۷۹). *لۆغەتنامەی ئەحمەدی*. ڕاستکردنەوە و وێنەدارکردنی عبدالرحیمی مەحموودی. سنە: انتشارات کردستان.

نەبەز، جەمال. (۱۹۷٦). *زمانی یەکگرتووی کوردی*. بامبێرگ: بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا.

هاوار، م.ر. (۱۹۹۱). *شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان*، بەرگی دووهەم. لەندەن: بلاک ڕۆز.

هەمەوەند، فەقێ قادر. (۱۹۸۰). *کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند*. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ملا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.

هیوی جوانا طلبە کوردان (۱۹۲۱). هینکر *زیمان کوردی*، رهبەری زیمان هر دو کوردی: کورمانجی-بابانی. باب عالی: نجم استقبال.

وهبی بگ، توفیق. (۱۹٤۰). «کرمانج لە کوردمانجەوە نەهاتووە: دابەشکردنی شێوەکانی زمانی کوردی». گۆڤاری *گەلاوێژ*. ساڵی یەکەم، ژمارە ٥ و ٦. بەغدا: (النجاح).

**فارسی:**

بدلیسی، أمیر شرف خان. (۱۳٤۳). *شرفنامه، تاریخ مفصل کردستان*. بامقدمه و تعلیقات و فهارس به قلم محمد عباسی. تهران: چاپ أفست علی اکبر علمی.

کردستانی، علی اکبر وقایع نگار. (۱۳۸۸). *بدایع اللغه*، فرهنگ کردی-فارسی. به کوشش محمد رئوف توکلی، تهران: انتشارات توکلی.

**عەرەبی:**

أسکندر، سعد بشیر. (۲۰۰۸). *قیام النظام الأماراتی في کردستان و سقوطه*. الطبعة الثانیة. السلیمانیة: بنکەی ژین.

غالیتی، میریلا. (۱۹۸۰). *التراث الکردی فی مؤلفات الأیطالیین*. الترجمة: یوسف حبی. مجلة *المجمع العراقی*. الهیئة الکردیة، المجلد االثامن. بغداد: المجمع العلمي العراقي.

**تورکی:**

چلبی، اولیا محمد ظلی ابن درویش. (۱۳۱٤). *اولیا چلبی سیاحتنامەسی*. ایلک طبعی. استانبول: اقدام مطبعەسی.

**English:**

Hassanpour, Amir. (1992). *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985.* San Francisco: Mellen Research University Press.

McDowall, David. (2004). *a Modern History of the Kurds*. 3rd ed. London: I.B. Tauris.

Mackenzie, D. N. (1961). *Kurdish Dialect Studies*. Vol. I. Oxford: Oxford University Press.

Noel, E.M. (1919). *Diary of Major E.M. Noel*, C.I.E., D.S.O. on special duty in Kurdistan, from June 14th, to September 21st. Basrah: Government press.

Soane, E. B. (1913). *Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language*. London: Luzac & Co.

Soane, E. B. (1912). *Note on a Kurdish Dialect, Sulaimania*, (Southern Turkish Kurdistan). Cambridge: Cambridge University Press.

Soane, E. B. (1919). *Elementary Kurmanji Grammar*. Baghdad: Government Press.

Soane, E. B. (1922). *Notes on the Phonology of Southern Kurmanji*, in ' The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, No. 2'. Cambridge: Cambridge University Press.